پشکۆ نەجمەدین

# لەیلەتولقەدر

دوو مەمکی رووت!
لە تاریکیی میحرابێکدا روو لە خودا
دابگیرسێن!،
فەنا دەبن حەرفەکانی "فەتوا"،
دەبنە گوڵزار سەحراکانی خۆشەویستی!.

دوو مەمکۆڵە!:
سرک، سرکتر لە ئەسپی "عەدالەت"،
توند، توندتر لە پەیقەکانی "پیاو"،
سەرکێش، سەرکێشتر لە دەسەڵات و
"گۆ" بەرزتر لە بەرزیی "شەرەف"،
سپێدەیەک، لە مەمکدان یاخی بن و
بە پەیژەیەکی تیشکیندا
بەرەو عەرشی خوای تەعالا سەربکەون؛
ئاستانەی ئاسمان گڕ دەگرێ،
خوا شەلاڵی ئەشق دەبێ،
ژن و خودا،
لە یەکدیدا دەتوێنەوە!.

22 نۆڤەمبەر 2003